خەمەکانی من

# نیشتمانی خۆزگەکان



ئەندام محسن گەردی
andam_gardi87@yahoo.com

خۆزگە
خەزان نەدەبووە پێناسەی پاییز
بۆ دەبێ پاییز وەرزی وەرینی گەڵاکان بێ
بۆ نازانن؟!
لە نیشتمانی من لە بەهاریشدا گەڵا سەوزەکان
بارگەیان تێک دەنێن،بەرەو خەزان دەچن.
خۆزگە
بێوەفایی نەدەبووە پێناسەی ئەشق
بۆ دەبێ ئەشق ببێ فرمێسکێ و
تنۆک تنۆک لە چاوی ئەفینداڕێک داببارێ
بۆ نازانن؟!
لە نیشتمانی من لە پەرستگای ئەشقیشدا،
زۆرن ئەوانەی لەبێ ئیمانیشدا مەم وزین دەپەرستن.
خۆزگە
گریان نەدەبووە پێناسەی دایکی شەهیدان
بۆ دەبێ گریان لە قوڕگی جگەرسووتاوێ قەتیس مابێ
بۆ نازانن؟!
لە نیشتمانی من لە نێو دەریای فرمێسکیشدا مەلە دەکەن
ئەوانەی بەرگی نیشتمانیان لەبەرەو
کەچی جگەرسووتاو دەخنکێنن.
خۆزگە
هەورە رەشەکان نەدەبوونە پێناسەی باران
بۆ دەبێ باران ساتە وەختی بارینی بەزەیی بێ
بۆ نازانن؟!
لە نیشتمانی من هەورە رەشەکان
قین لە دڵەکانن دەیانەوێ داببارن.
خۆزگە
خەم و ژان نەدەبووە پێناسەی گەنجێ
بۆ دەبێ گەنجی سەردەمی سووتانی ناو دۆزەخ بێ
بۆ نازانن؟!
لەنییشتمانی من کوڕان و کچانن
پەلەداری ئاگردانن.